# سایتی دەنگەکان ریکلام بۆ فەیلەسوفی فاشییەت دەکات

**رۆزا لۆکسمبۆرگ: (سۆسیال دیموکراتی، تۆپیوێکی بۆگەنە)**



نیتشە لە(رەوشت بۆ پزیشکەکان)، دەڵێ: (نەخۆش، مەشەخۆری کۆمەڵگایە و لە بارودۆخێکی دیاریکراودا، شایەنی ئەوە نییە بۆ ماوەیەکی درێژتر بژێ)!

خاوەنی ئەو وتەیە بووە بە نموونەی بالای" نوخبەی" رۆشنبیری کورد و وتارەکانیان لە رۆژنامەو گۆڤارە"سەربەخۆکان"(هاوڵاتی، ئاوێنە و لڤین) بە وتەکانی نیتشە دەستپێدەکەن یان زۆر جار وەك گەورە فەیلەسوف بە خوێنەر دەیناسێنن و بە راشکاوی ئاماژەی بۆ دەکەن، تەنانەت هەندێ راگەیاندن کە خۆیان بە چەپ دەزانن، هیچ شەرم و ئەحراجێك نابینن لە ریکلام و بڵاوکردنی ئەو چڵپاوە، بۆ نموونە پێش چەند رۆژێك سایتی(دەنگەکان) نووسینێکی(هایدەگەر-فەیلەسوفی نازییەت)یان بڵاوکردەوەو بە شانازییەوە وێنەکەیان لەسەر سنگیان داناوە، بۆیە ئێمەش مافی خۆمانە پێیان بڵێین: بەرێزەکان ئێوەش پەیوەست بوون بەو قافڵەیە کە بەکردەوە دەیسەلمێنن راگەیاندنێکی لیبراڵن نەك چەپ و شەرمیش ناکەن لە پروپاگەندەکردن بۆ فاشییەت. تاقە یەك سایت یا گۆڤار و رۆژنامەیەکی چەپ یان مارکسی لە ئەلمانیا ئەو کارە قیزەوەنەیانە نەکردووە و ناکەن، بۆیە من کە لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم سایتە هاوکاریم کردووە و بەخەڵك ناساندوومەو بە دڵەوە حەزم کردووە وەك سایتێکی چەپ، بەهێز و خوێنەری زیاد بێ، ناتوانم لەم بارەیەوە بێدەنگ و بێ هەڵویست بم و لێرەوە نارەزایەتی خۆم دەردەبرم و داوا لە بەرپرسانی سایتی ناوبراو دەکەم بە ئاشکرا رەخنە لە خۆیان بگرن و ئەو بابەتە بۆ ناو زبڵ فرێ بدەن و بەڵێن بدەن کە جارێکیتر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەل بڵاوکردنی بابەتەکان مامەڵەدەکەن، بە پێچەوانەوە، وەك پرۆتێستێك لە دژی بڵاوکردنی ئەو نووسراوەیە، داوا دەکەم هەرچی بابەتم هەیە، بکوژێننەوە. خۆش ئەوەیە ئەو بەرپرسەکانی ئەو سایتە ئەخلاقمان پێدەفرۆشن، بەڵام لاپەرەکانی بۆ"فەیلەسوفی کۆمەڵکوژی- هایدەگەر- و نیتشە والایە...((ئەگەر لەبەر نەزانین ئەو بابەتە بڵاوکردووە، ئەوا من پەشیمانم و لە قسەکانم پاشگەزدەبمەوە)).

تف لەو ئەخلاق و رۆشنبیرییە کە پروپاگەندە بۆ بیری کوشتن و تاوانی نازییەت دەکات!

ئاخر تازە رۆشنبیرە کوردە"سەربەخۆ وبێ لایەنەکان" شوێنپێی نیتشە و هایدەگەر کەوتوون و وەك هاوبیرەکانیان لە وەڵاتانی تر مەرگ و بێکەڵکی مارکسیزم و کۆمونیزم رادەگەیەنن و مرۆڤیش دەتوانێ گوێ لە قاقای پێکەنین و مەسخەرەو سووکایەتییەکانیان ببێت.

گەشەسەندنی گەندەڵی فکری کوردە نیتشەوییەکان بەشێکە لە کەندەڵی سیاسی باڵادەست کە چەندین ساڵە لەسایەیدا پەرەیان پێدراوەو بە ئاشکرا و بەشێوەی جۆراوجۆر بەسلەمە کراون. ئەمە گەواهییەکە بەدەستمانەوە بۆ ئەوەی کە ئەم تیرۆری فکری دژ بە شیوعییەتە، بەشێکی دانەبراوە لە فرەرەنگی پەتای گەندەڵی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئەخلاقی، دەروونی لە کوردستان و بووە بەهۆی نەخۆشی(کۆلێرا)یش!

لە راستیدا نەخۆشەکان، مشەخۆری کۆمەڵگا نین، بەڵکو ئەو"نوخبە"یە مشەخۆر و گەندەڵن کە بەناوی ئازادی بیروبارەوە، رۆشنبیری فاشیستی بڵاودەکەنەوە ئەمە کوشتنی دیالۆکی هاوچەرخ و دیموکراسییە، نەك بەهێزکردنیان و پروپاگەندەیە بۆ تاوان، چ جا بۆ ئاشتی مرۆیی و بەدیهێنانی کۆمەڵگەی ئینسانی. خۆزگا دەستەی بەرێوبردنی(دەنگەکان) بە هەر 3خاڵی ئامانج و ئاسۆی کردنیان بچنەوەو لەگەل بیروبۆچوونی"بەرێز هایدەگەر"بەراوردی بکەن تا بزانن چ جۆرە هەڵەیەکی کوشندەیان کردووەو بڵاوکردنی ئەو جۆرە بابەتانە، پێش هەر کەسێکی تر، بەخۆیان ئامانج و ئاسۆی کارکردنیان پێشێل دەکەن.

**سەلام عەبدولا**
dwaroj@yahoo.de
00964 -7701929872